**به ره ی کۆردستانی هه ر ئه مرۆ (به شی دووم)**

له به شی ئه وه ڵی به ره ی کۆردستانی هه ر ئه مرۆدا  ئاماژه به وه کرا که به ره یکی یه ک گرتووي کۆردستانی هه ر ئه مرۆ زه زووره تێکی حاشا هه ڵ نه گری کۆمڵگای کۆردستانه که کۆ مه ڵانی خه ڵکی کۆردستان به گشتی نه ته نیا خوازیاری ئه به رێه ن به ڵکوو پێشنیاری چی ده که ن به حیزبوو رێکخراوه کانی  نێو گۆره پانی خه باتی بزوتنه وه ی شۆرشگێرانه ی گه لی کۆرد.هه روه ها ئیشاره م به وه ی کرد که حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کان ده بێت له هه لوو مه رجی حه ساس و سیاسی ئیستادا به هیچ دره نگیک ئه م به ره یه پێک بێنن و...

**دواکه وتنی به ره ی یه ک گرتووی کۆردستانی سه یری به روو پێس چوونی بزوتنه وه ی گه لی کۆرد یا واشتر ده کاته وه!**

ئه مرۆ روداوه کان له ناوچه که به سۆرعه تێکی زۆرتر له وه ی که دبووات بچێته پێش رێگای خوی تی په ر ده کات ، ئاڵوو گۆره کان به رۆژو کات دێنه پێشێ و ده گۆرێن،ولاتانی ناوچه که له قۆناغی ئاڵوو گۆری جیدیدان که ئه م ئالوو گۆرانه کۆمه ڵگاکانی به دیان هه نگاو ده به نه پێش. رۆژ هه ڵاتی ناوه راست له به ردمی گۆرانکاری کی گه وه ره دایه که رادیکالیسم و سکۆلاریسم کۆنه په رستی و  دیکتاتۆری له ناچه که به رو راماڵین ده بات.ده وله تانی زاڵم و دیکتاتۆر که وتوونه ته پله قاژێ تا خۆیان له شه پۆلی لافای رادیکالیسمێ نێو کۆمه لگای خۆیان که سه ر هه ڵ دانه کانی ده میکه ده ستی پێ کردوه رزگار به که ن.ته وای ئه م روداوانه ی که له شرایه تی ئه مرۆ دا له ئارادان  به قازانجی بزاوی بزووتنه وی شۆرشگێرانه ی گه لی کۆردن. بۆ ئه وه ی کۆمه ڵانی و خه ڵکی کۆردستان و بزووتنه وه حه ق خوازانه که یان بۆ ئه وه ی  بتوانن له سه رده می  ئه مرۆدا مافه کانی خۆیان به ده ست بێنن ده بێت هه وڵی بێ وچانی خۆیان بۆ پێک هێنانی به ره یه کی یه کگرتووی کۆردستانی بده ن . حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کانی له کۆردستان ده بێت به رژه وه ندی خه ڵک له به رچاوو بگرن و بۆ پێک هێنانی ئه م به ره یه تواناو هێزی خۆیان بخه نه گه ر .گۆمان له وه دا نیه که دواکه وتنی به ره ی کۆردستانی نه ته نها به قازانچی گه لی کۆرد نیه به ڵکوو به قازانجی حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کانی مه سئوول  له به رابه ری بزووتنه وه ی شۆرشگێرانه ی خه ڵکی کۆردستاندا ناتوانێت ببێت و حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کانیش ئه گه ر له هێندێک داخوازدا نزیک بن به یه ک، له یه کتر دوور ده کاته وه و به رچاوو ته نگی حیزبی له نیوانیانه ره ق ده کاته وه.

**به ره ی یه ک گرتووی کۆردستانی نابێت ببێت به قوربانی ته نگ نه زه ری حیزبی و فه رد په ره ستی !**

به ره ی یه ک گرتووی کۆردستانی زه رووره تێکی حاشا هه ڵنه گری کۆمه ڵگای کۆردستانه تا گه لی کۆرد بتوانێت به سانی و یه  ک گرتووتر له به رابه ری دژمننانی دا ئاشکرا بێت و داخوازه کانی خۆی به قاتێعیتێکی چاکتر و هێزی گه وره تره وه به سه لمێنێت .ئه م به ره یه ده لیلی ئه وه ی که کۆمه ڵانی خه ڵکی کۆردستان وکوو نانێ شه و پێ ویستیان پێه هه ڵ سوراوانی خۆی بار دێنێت و له نیهایه تدا پێک دێت.هه ر کۆمه ل گایک و یا باشتره بڵین هه ر بزۆتنه ویک له جه ره یانی خه باتی خویدا به چسپاندنی داخوازه کانیان  و به سه ر انجام گه یاندنی خه باته که یان پێ ویستی به چه شنێک له به ره له هموو حیزبوو رێکخراوه کانی نێو کۆمه ڵگا بوه ، به شی هه ره زۆری ئه م جۆره یه ک گرتوو وانه پێک هاتووه  و جاروباریش بونه ته قوربانی به ر چاوو ته نگی حیزبی. ئه مرۆ له کۆردستان رۆژهه ڵاتیش حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کان به جێگای ئه وه هه وڵ بده ن بۆ ئه وه ی ئه و که نوو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆسپیانه ی له سه ر ێگای پێک هێنانی به ره یه کگرتووی کۆردستانی هه ن له به ین به رن ،ئه ووه ی دیاره حیزبوو رێکخراوه کانی کۆردستان مۆشکڵیان له گه پێک هێنانی نیه به ڵکوو گه وره ترێن کۆسپ له سه ره ریگای پێهێنانی به ره دا ئه وێه که کێ ده بێت به ساحیبی ؟، به ره به ناوی کام حیزبوو رێکخراوه وه توومار ده بێت؟ و له وه ی به رچاوو ته نگ تر کام حیزب و یان جریانی سیاسی و که سایه تی له پێشدا هێنایه ته گۆر؟ ده بێت به ناوی ئه وه بێتو له مبابه تانه؟.تا ئێره ئاشکرایه کا مانێعێکی جیدی له سر ریگای پێک هێنانی به ری کۆردستانی جگه له ته نگ نه زه ری له نێوان حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کاندا نابینرێت.من پێم وایه ئه ی که کام جه ریان و که سایه تی به ره ی له پێشدا هێناوه ته گۆر نابێت ببێته کۆسپی سرێگای پێکهێنانی به ره ی کۆردستانی. زۆۆر جار له مێژووی سیاسه تدا روی داوه که حیزب و یارێکخراوی سیاسی و یا که سایه تی زۆر پۆرژه وتاکتیک و ئیتحاد عه مه لی سیاسی و.. هێناوه ته مه یدان که خۆیشی تێدا به شداری نه کردوه به لام حیزبوو رێخراوی دیکه و یاکۆمه لانی خه ڵک که ئه وو چه شنه له یه کگرتووی سیاسی به لازم زانیوه هه وڵیان بۆ پێک هێنانی داوه و پێک هێناوه . بۆنموونه پرۆژه ی رۆژهه لاتی ناوه راست بۆ ئه وه ڵین جار له لایان ئیسرائیله وه مه تره ح کرا تا به چه شنێ خۆی به بازاری ئاسیا و رۆژ هه لاتی ناوه راست به تایبه ت بازاری عه راب ته حمیڵ بکات به دویدا که سانی دیکه و ئیستا ئه مریکا هه ولی بۆ ده دات بی ئه وه ی بڵێت ته رحی رۆژهه لاتی ناوه راست کێ هێناویته گۆرێ.حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کانی ده رگیر له بزووتنه وی شۆرشگێرانه گه لی کۆردا ده بێت به رژه وه ندی خه ڵکی کۆردیان له پێشه وه به رژه وه ندی حیزبایه تی دابنێن تا به ره ی کۆردستانی نه بێته قۆربانی ئینحصار ته لبی حیزبی و فه رد په ره ستی.پێکهێنانی به ره ی کۆردستانی له لایان هه ر حیزب و رێکخراوه سیاسیه وه و یا که سایه تی دیکه وه ته رح کرابێت به قازانجی خه ڵکی کۆردستانه، نابێت حیزبه سیاسیه کان له کۆردستان ئه مه بکه نه به هانه و کۆسپ بخه نه سه ر ریگای پێک هێنانی به ره.ئه گه ر پێهێنانی به ره باڵی لاوازی هه یه ده بێت هه وڵ بدرێت بۆ به هێز کردنی ئه و باڵه لاوازه . مادام که خۆ په ره ستی، ئیدۆلۆژیکی وشکی حیزبی به رچاومانی نه گرتبێت ئه وه ی ده زانین که له فه رهه نگی سیاسی و دیمۆکراسیداندا هه میشه باوبوه که هه ر حیزبوو رێکخراوه ێکی سیاسی به پێی وه زن و جایگای خۆی له کۆملگادا له به ره کاندا ، شوراکاندا، پرلماندا و..جیگای هه بووه ئێمه یش له کۆردستان ده بێت فه رهه نگی رادیکالی سیاسی قه بووڵ بکه ین تا ئه وه ی که پێویسته بۆ ئه وه ی خه باته که مان و داخوزیه کانمان باشتر به سه ر ئه نجام بگه ێنین و خه باتی یه ک گرتوی خه ڵکی کۆردستان و ئه به ره یه که خه ڵی کۆردستان پێویستیه نه بێته قۆربانی به رژه وه ندی حزبایه تی و چی دیکه خه ڵکی کۆردستان چاوه رووان نه مێنێته وه.

**به ره ی کۆردستانی مۆنحه سر به فه رد یا حیزبوو جریانێکی سیاسی نیه؟**

هه روه ک پێشتر ئاماژه م پێکرد حیزبوو رێخراوه سیاسیه کان له کۆردستان ئه گه ر به رژه وندی خه ڵکی کۆرد له سه رووی به رژه وه ندی حیزب یاکه سایه تی نێو حیزبه که یان دابنێن و یا ئه گه ر جریانێکی ئیدۆلۆژیکی وشک به ڕچاوو ته نگ نه بن ده بێت به چه ند خالی گرینگ پیبه ند بن:
1. به ره ی کۆردستانی تایبه ت و مۆلکی هیچ حیزب،جره یان و یا که سایه تی سیاسی نیه زه رورره تێکی حاشا هه ڵ نه گریری کۆمه ڵگای کۆردستانه بۆ به ته وکردن و یه ک ده ست کردنی خه باتی حه ق خوازانه ی گه لی کۆرد له مۆقابیلی ره قیه کانی خویدا به م جۆره وێرای حۆرمه توو رێز بۆ هه موو بیروو بۆ چوو نه سیاسیه کانی نێو به ره، به رژه وندی خه ڵک له سه رۆوی هه موو به رژه وندیه

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کانی حیزبیه وه قه رار ده گرێت.

2. هه ر حیزبوو رێخراوێکی سیاسی بێ ئه وه ی له چه مۆقێعیه تێکی که مایه تیدابیت حه قی خۆیه له به ره دا به شداری بکات. به تیبه ت کرێکارانوو زه حمه تکێشانی کۆردستان و ژنانی کۆردستان ئه و حه قه یان هه یه که به حیزب و رێکخراوی سیاسی خۆیانه وه له به ره دا به شداری بکه ن و به رنامه و پرۆگراموو ئیستراتژی خۆیان له به ره دا مه تره ح بکه ن.

3. به ره ی یه ک گرتووی کۆرستانی نابێت ببێته قوربانی به رچاوو ته نگی حیزبی و به هێنانه گۆری ئه وه ی "کام حیزب ده بێته خاوه ن و هه موو کاره له به ره دا؟ ، یا ته ر حی به ره له لایان کێوه مه ته ح که راوه؟ " به جۆره ئه مرۆ که نوو کۆسپ بخه

نه سه رێگای پێک هێنانی به ره ی کۆردستانی و سبه ینێ رۆژ سه ر ئه رکه کانی به ره.

4. دیاره هه وڵدان بۆ پێک هێنانی هه ر به ره یان ئیتحاد عه مه لێک ناتوانێ بێ که موو کۆری بێت له هه موو دۆنیا له ته وی مێژوو و فه رهه نگێ سیاسیدا ئه مه ده بینرێت بێ گۆمان له مه یدانی هه وڵ دان بۆ پێک هێنانی به ری کۆردستانیشدا ئه م که موو کۆریانه شتێکی ئاسایین به لاّم ئوه ی گرینگه که به ئیحساسی مه سئولیه ته و هه وڵ بده ین بۆ له به ین بردنی که موو کۆریه کان و میلی لاوازه کانی سه رێگای پێک هێنانی به ری کۆردستانی.

5. له کۆتاییدا ته نها حۆرمه توو رێز دانان بۆ بیروو بۆ چوونه سیاسیه جیاوازه کان، قه بووڵکردنی جایگا و مۆقیعیه تی حیزبوو رێکخراوه سیاسیه کان له کۆردستان و به ره دا ، باور به دیمۆکراسی و ئازادی بێ قه یدوو شه رتی سیاسی ده توانێت زامنی پێک هێنانی به ره بێت.

**فایه ق مه حموودی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com